تیرۆر و توندڕەوی پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلامەو سەرچاوەی هەڕەشەن لەسەر کۆمەڵگە.

لە دروشمەکانی (١٦) هەمین ساڵیادی راگەیاندنی یەکگرتوو

رۆشنبیرانی کورد لە هەندەران هەڵوێستەکانی یەکگرتوو بەرز دەنرخێنن..

(سیروان بابە عەلی): لە نێو رێکخراوە رامیارییە ئیسلامییەکانی کوردستاندا، هیچیان هێندەی (یەکگرتوو) رێزی پەیامی ئاشتیخوازانە و خزمەتگوزارانەی ئایینەکەی خۆی نەگرتووە..

محەمەد بەرزنجی
یەکگرتوو/ سوید

ئەوا ئەمڕۆ مۆمی شانزەهەمین تەمەنی پڕ خێروخۆشی یەکگرتوو دادگیرسێنین، مۆمێك کە روناکییەکەی ئەگەرچی کزیش بێت بەڵام روناکی زۆر شار و گوند و هەروەها دڵی دایکانی جەرگ سوتا و منداڵە بێنازەکان بووە، مۆمێك کە گیانی گڕوتینی خۆبڕاوانەی سەربازە ماندوونەناسەکانی کاروانی شانزە ساڵەی یەکگرتووی وەرگرتووە... یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ئەو شەمعە سوتاوەی کە نەفعی جەمع و پەیامی بەرز راگیراوی بووە لە پێناو گێڕانەوەی دادپەروەری و خێروخۆشی بۆ ئەم گەلە ستەم دیدە و دڵشکاوە، هەرگیز ئارەقەی ناوچەوانی ووشك نەکردۆتەوە لە گەڵ ماندووبوونیشیدا هەمیشە هەوێنی ئاشتەوایی و ئاوی سازگاری تینووشکینی رۆژانی گەرمای سەختی زوڵم و زۆر بووە.. بۆیە بەباشمان زانی بەم بۆنە پڕشنگەوە بیورا و پەیامی چەند نووسەریك لە ئەوروپا وەرگرین.

نووسەر و رۆشنبیر (سیروان بابەعەلی) لە وڵاتی ئەڵمانیا پەیامی خۆی بەم شیوە گەیاند: "دیارە ئێمە، ئایدۆلۆژیا و دیتانەی هزریمان هەرچۆنێك بێت، بڕوامان بە سیستمی رامیاریی سێکولاریی بێت یان (ئایین ـ یاسایی) گەردوونبینیمان پشت بە ماتریالیزم ببەستێت یان ئایدیالیزم، پێویستە لە پنتێکدا سەبارەت بە راستییەکی مێژوویی هاوڕا بین" ئەویش ئەوەیە، هەموو ئایینە ئاسمانییەکان لە دەمی سەرهەڵدانیاندا گەورەترین شۆڕشی کۆمەڵایەتی ببوون و هەمیشە ئاستی ژیاریی کۆمەڵگەیان لە رەوشێکی دزێوی رۆچوون و لادانی گەورەوە، گواستۆتەوە بۆ رەوشێکی دادپەروەرانەتر و مرۆڤانەتر... بە دڵنیایی گەر پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی پێگەیشتنی ئاوەزیی مرۆڤ، هەروەها دەرکەوتە و سەلماندنە زانستییەکان، ئەمڕۆش هێندەیان بۆشایی تێدابووایە، کە سەرهەڵدانی ئایینێك بسەپێنن، ئەوا بەبڕوای من هەر ئایینێکی ئاسمانیی رابگەیەنرایە، کاری لەسەر کەرەستەکانی گۆڕینی کۆمەڵگە و تێڕوانینەکانی مرۆڤ دەکرد بەرەو داهاتوویەکی باشتر بە پێوەرەکانی سەردەم. لەوێدا مەبەستمە بڵێم، ئەوە خودی پێڕەوانی ئایینن کارێك دەکەن ئایینەکەیان بکەنە دەستاوێژی تۆقاندن و چەوساندنەوە، یاخود شایانی رێز و شانازیی رێتکەیەکی بەنێوودەنگی مێژوویی... هەرچۆن، رۆڵەی رەفتاربەد و نەوەی رەفتاربەد زیانی گەورەیان بە مێژووی ئەرێنیی کۆمەڵێك سەرکردەی بە رۆمەتی نەتەوەیی (بۆ سەردەمی خۆیان زۆر بە توانای) کورد هێناوە و ئەمڕۆ مێژووی ئەوانیشیان بە هەڵوێستی دزێویان لەکەدار کردووە، ئاواش توندڕەوان و تۆقێنەرە نامرۆڤە ئیسلامییەکان کە بە گەزی سەردەمی سەرهەڵدانی ئایین، ئایین بە باڵای مەبەستە دزێوە رامیاریی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەپێون، مێژووی ئەرێنی و پەیامە جوانەکانی ئایینیان لەکەدار و بێبایەخ کردووە. لە کوردستاندا ئەزموون و راستییە بەرجەستەکان بۆمان دەسەلمێنن، کە لەنێو هەموو رێکخراوە رامیاریە ئیسلامییەکانی کوردستاندا، هیچیان هێندەی (یەکگرتووی ئیسلامی) رێزی پەیامی ئاشتیخوازانە و خزمەتگوزارانەی ئایینەکەی خۆی نەگرتووە و هیچیان وەك (یەکگرتووی ئیسلامی) هەوڵی ئەوەی نەداوە، ئاستی پێگەیینی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی ژیاریی (کە هەر دەبێی مێژووە) رەچاو بکات... ئەو هەڵوێستانەی یەکگرتووی ئیسلامی کارێکی کردووە، گەر مرۆڤ باوەڕ و تێڕوانینی میتافیزیکیشی جودا بێت، سەرەڕای رەفتاری دزێوی توندڕەوان و تۆقێنەرانی ئایینیش، هەر رێزی ئازادیی بیورا و باوەڕی پێڕەوانی ئایین لە کۆمەڵگەدا، کە بە دڵنیایی زۆرترین ژمارەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی ئێمە پێك دەهێنن، بگرێت. ئەوە خەوش نییە، گەر رێکخراوێکی رامیاریی بە پلان و کلێشەی ئامادەکراوی هاوردە لە دەرەوە دروست ببووبێت، لە هەموو جیهاندا پەیام و کلێشە و تیۆرییەکان هاتووچۆ دەکەن و میللەتان سوود لە ئەزموونی یەکتر وەردەگرن، خەوش لەوێدایە کە پاشان ئەو رێکخراوە ئاستی خۆماڵیی گەشەی کۆمەڵایەتی رەچاو نەکات و ئەرکە نیشتمانی و فەرهەنگییەکانی خۆوڵاتی لەبەر چرای پلاندانەرانی دەرەوەدا بنووسێتەوە و هەڵوێستەکانی تۆی دۆگمای باوەڕی هاوردە بێت... خەوش لەوێدا نییە (گەر بۆ نموونە) پارتێکی ئیسلامیی نێو کوردستان لە شێواز و دیسپلین و تاکتیکی رێکخراوەییدا لە پارتێکی ئیسلامیی تورکیا بچێت، خەوش لەوێدایە گەر ئەو پارتە ئیسلامییە کوردستانییە هێندەی نیشتمانپەروەر رێتی پارتە ئیسلامییەکەی تورکیا بۆ دەوڵەتی تورکیا، بۆ نیشتمانی کوردستان نیشتمانپەروەر نەبێت. دیارە یەکگرتووی ئیسلامی ئەوەی بە ناجۆر بۆ نووسرا، کە لە رابردوودا نەیتوانی وەك پێویست ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بێت، ئەو هەڵوێستە لەڕووی جەماوەری و پێگەی رامیارییەوە زیانی زۆری پێگەیاند، بەڵام هەڵوێستە رامیارییەکانی دوای هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی لەنێو پەرلەمانی هەرێم و پەرلەمانی عێراق شایانی رێز و ستایشن، ئەوە جگە لەو هەموو هەڵوێستی مرۆڤانە و چاکەخوازییەی بە درێژایی هەژدە ساڵ لە ناوچە ئازادبووەکان نوواندویەتی. هیوادارم ئەو پارتە، هەمیشە بە هەمان رێکاری نۆژەنبووی ئاشتیخوازانە و دیموکراسییانەی سەردەم پەرە بە راگەیاندنی پەیامەکەی بدات.

قوتابی دکتۆرا لە بواری راگەیاندن (نەزاکەت حسێن) لە وڵاتی بەریتانیا بەم جۆرە باسی ئەو خاڵانەی کرد کە سیمای یەکگرتووی پرشنگدار کردووە لە ماوەی کاری یەکگرتوودا..

لە ساڵیادی راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا پیرۆزبایی ئاراستەی سەرکردە و کادیر و ئەندام و لایەنگرانی یەکگرتوو دەکەم.. هیوادارم ئەم یادە گوڕوتینێکی زیاتربێ بۆ بەرەوپێشچوونی و خزمەتی زیاتر بە گەلەکەمان.

ئاشکرایە دروست بوون و راگەیاندنی هەر گروپ و رێکخراوێك دەبێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەك بێت و زەروورەتێك بیخوازێت. من لێرەدا ناچمە سەر وردەکاری ئەو لایەنەی کە یەکگرتوو لە بواری خزمەت بە دین و ناساندنی کورد بە ئیسلامێکی میانەڕەو و خزمەتگوزار کاری کردوە، بەڵکو دەمەوێت لە گۆشە نیگایەکی ترەوە هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ گرنگی بوون و کارەکانی ئەم پارتە بخەمە روو، بەدەر تەنها لە زەروورەتی دینی و سیاسی.

لە ساتەوەختی راگەیاندنی ئەم پارتە و تا ئێستاش کۆمەڵگەی کوردی لە باشوری کوردستاندا کۆمەڵگەیەکە رەگەز و پێداویستیەکانی کۆمەڵگەیەکی تەندروستی تیادا زۆر کەمە، لە کاتێکدا ئەمڕۆ جیهان گرنگی بە گەشەپێدان و دیراسەی کۆمەڵگاکان دەدەن. لەم رووەوە دەتوانم بڵێم یەکگرتوو تاکە حیزبە ئەگەر پێوانەی کارەکانی بکەیت بە پێداویستیەکانی کۆمەڵگایەکی تەندروست توانیویەتی رۆڵی هەبێت لەم بوارەدا.

* لە بواری رامیاریدا: شەفافیەت و میسداقیەت و میانەڕەوی و لانەدان لە ستراتیژ و ئامانج و لەپێناو خەڵك و موساوەمە نەکردن لەسەر بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد، ئەمە بۆخۆی سیاسەتێکی تەندروستە بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست.

*لە بواری کۆمەڵایەتیدا: پێکەوە ژیان و ئاسودەیی و تەبایی و برایەتی و تەحەمول کردنی یەکتر و، کارکردن بۆ پێکهێنانی خێزانی بەختەوەر و، گرنگیدان بە هەردوو رەگەزی ژن و پیاو و، ئاشتەوایی و یەکتر قەبوڵ کردن، ئەمانە و چەندین کاری جوانی تر کە بنەمان بۆ بوونیاتنانی کۆمەڵگەی تەندروست.

لە بواری ئاوەدانکردنەوەشدا، داپینکردنی سەرچاوە بۆ کۆمەڵگا، وەك دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانە و بنکەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و وەرزشی، ئەمانە مەرجن بۆ سەلامەتی و تەندروستی کۆمەڵگا.

* لە بواری زانست و زانیاریدا: هاندان و هاوکاریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ خوێندن و بەدەستهێنانی بروانامە و شارەزایی لە زانستەکانی ئاین و زانستەکانی سەردەم.

* لە بواری پەروەردەدا: پەروەردەکردنی تاکی دەستپاك و متمانە پێکراو، داوێن پاك، دڵسۆز بە گەل و نیشتمان، ئیشکەر لە بوارە خزمەتگوزاریەکاندا.

کار و چالاکییەکانی ئەم پارتە زۆر لەوە زیاتر و جوانترن لە نووسینێکی کورتدا باس بکرێن، بەداخەوە راگەیاندنی یەکگرتوو زۆر شەرمنانە تیشکی خستوەتە سەر ئەو خەرمانە پڕ بەرەکەتە و هەرگیز مافی خۆی پێ نەداوە.

داواکارم لە خوای باڵادەست بەردەوامی و پێشکەوتن بەم یەکگرتووە ببەخشێت و کاری جوانتر و باشتر ئەنجام بدات و میللەتیش قەدری بزانێت.

'رۆژنامەنووس (مەلیك شێخ محەمەد) لە شاری نیوکاسڵ لە بەریتانیا بەم بۆنەیەوە وتی: "سەرەتا بەناوی خوای گەورە، پەیامی من ئەوەیە کە پێویستە بزانرێت کە یەکگرتوو ئەو حیزبەیە توانیویەتی ستایلێکی تازە لە کاری حیزبی و ئیسلامی پێشکەش بە کوردستان بکات کە پێشتر لەو جۆرە کار کردنە نەبووە کە ئەتوانم بڵێم نموونەیەکی تازە ببوو بە نیسبەت ناوچەکەشەوە، کە توانیویەتی لە فەزایەکی زۆر نالەبار و نائارامدا بە ئەسپایی بچرپێنێ بە گوێی خەڵکیدا و پێان بڵێ پێویستە ئێمە ئا لێرەوە جارێکی تر و بەشێوەیەکی تر دەست کەینەوە بە ژیان، ژیان دەکەینەوە بە بەری خەڵکیکدا، توانیویەتی بە خوێن و جوهدی ئەندامانی پانتاییەك لە بیر و هزری خەڵکی کوردستان، تەنانەت پارتە کوردی و ئیسلامیەکانیش بەلای خۆیدا رابکێشێ، بۆیە لێرەوە دەتوانم بڵێم یەکگرتووی ئیسلامی ئەو حیزبە بوو توانی لە ماوەیەکی زەمەنی کەمدا فەزایەك دروست بکات کە پێشتر خەڵکانی تر نەیاندەتوانی بیری لێ بکەنەوە وە بووە داینەمۆی بەگەڕخستنی بیری چەندێتی و چۆنێتی حیزبایەتی، بۆیە ئەڵێم مێژوویەکی پاك و بێگەردیان لە زەمەنێکی نا بێگەردیدا بۆخۆیان تۆمار کرد.. من وای دەبینم کە یەکگرتوو بە چەند هەنگاوێك لە پێشەوەی کاری سیاسی و خزمەتکردنە بە نەتەوە و نیشتمانەکەی، هەر لە رۆژی راگەیاندنیەوە چەندەها جۆر خزمەتی پێشکەش کردووە لە کاتێکدا خەڵکی سەرقاڵی شەڕ و کوشتار و شتی تر بوون، چونکە خزمەتکردن و ئاوادانکردنەوەی بە کار و واجبێکی ئایینی و نیشتمانی خۆی زانیوە، ئەمە لە لایەك ،لە لایەکی ترەوە توانیویەتی وەك حیزبێکی ئیسلامی ئیسلاحی پارێزگاری لە چەمکە ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بکات، نموونەش زۆرە لە ژماردن نایەت و، لە رووی رەهەندی نەتەوەییەوە نوێنەرانی لە بەغدا باشترین نموونەن کە توانیویانە رووبەکی جوانی نەتەوەکەمان بەخەڵکی پیشان بدەن.. بە شاهێدی دۆست و نەیارانی. بەکورتی یەکگرتوو توانیویەتی هەردوو رەهەندەکە تێکەڵ بە یەکتری بکات و بیکات بە نمونەیەکی جوان، تەنانەت لە ناوچەکەشدا، پێشکەشی نەتەوەکەی بکات و ئەو خەڵکانەش ببینن کە ئەو مەفهومەیان پێ قبووڵ نییە، ماوەتەوە بڵێم من وائەزانم یەکگرتوو حیزبێکی پڕ نەتەوەیی و نیشتیمناییە بە باکگراوندێکی ئیسلامی.

هەروەها رۆژنامەنووس (دانا حسێن) لە وڵاتی سوید پەیامی خۆی بەم جۆرە خستە ڕوو "یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ئەو حیزبە مەدەنی و میانڕەویە کە تێدەکۆشێت لە پێناوی بەدەستهێنانی ئامانجە ئاینی و نەتەوەیەکانی گەلەکەی، هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونیەوە کاری بۆ رێکخستنی ریزەکانی گەل و چەمکە ئاینی و نیشتمانیەکانی کردووە و، ئەم هەوڵانەشی بەئەرکی خۆی زانیوە و، تاکە حیزب بوو کە دەستی سپی و نەرمی بەسەر منداڵە بێنازەکانی کوردستان هێنا بوو لە گەرمەی شەڕی کوردکوژی، هەمیشە بزەی دەخستە سەر لێوی هەژارانی کوردستان، بارەگا و رادیۆ تیڤییەکانی پەناگایەکی باش بووە بۆ هەتیوان و هەژارانی کوردستان، لە شوێنیکی ئەم کوردستانە نەماوە جێدەستی نەخشینی یەکگرتووی ئیسلامی پێنەگەشتبێت لە دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و پرۆژەی ئاو بۆ گوندەکانی کوردستان و، لە هەر دێیەکی ئەم کوردستانە بەردە نوێژێکی دیبێت هەوڵی دروستکردنی مزگەوتێکی بۆ داوە، زۆر جار توشی گرفت و نارەحەتی بووە بەدەست نەیارانیەوە، ئەوەش لەپێناو داکۆکی لە مافەکانی هاوڵاتیانی، بەڵام یەکگرتوو وەك دارێکی بەردار و بەپیت و بەرەکەت بووە لە بری بەرد بارانکردن ئەمان میوەیان بە سەرباراندون، لق و پۆپ و گەڵاکانی کردووە بە سێبەر بۆیان. لە رووی سیاسیشەوە لە ریگەی نوێنەر و پەرلەمانتارەکانی هیچ کات درێغیان نەکردووە، هەمیشە سەفیرێکی دڵسۆز و کارا بوونز لەناو هەموو دڵە زیندووەکاندا جێگەی تاییەتی خۆی کردۆتەوە و مێژوویەکی پڕ شانازی و سپی بۆخۆی تۆمار کردووە، هەمیشە سەربەخۆیی خۆی پاراستووە و نەبۆتە داردەستی هیچ لایەن و وڵاتێك، ئەمەش گەورەترین شانازیی ئەم حیزبەیە، بۆیە هەمیشە خاوەنی بڕیاری تاییەتی خۆیەتی.

هەر بەم بۆنەیەوە جێی خۆیەتی بەگەرمی پیرۆزبایی شانزەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکگرتوو لە خۆم و سەرجەم ئەندام و دۆست و لایەنگرانی بکەم، بەرواری (١٩٩٤/٢/٦) بە رۆژێکی زێڕین وەسف دەکەم کە تێیدا خۆری (برایەتی، ئازادی، دادپەروەری) سەری هەڵدا.

سیروان بابە عەلی...

نەزاکەت حسێن ...

مەلیك شێخ محەمەد ..

دانا حسین